www.kurdistannet.org
27-9-2007 21:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زۆر بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەر چاوم لە نوکی قەلەمەکەتە ... ئاراس

بۆ زۆر بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەریمی کوردستان کاك نێچرڤان بارزانی، بیکومان زۆر باسی قارەمانیەتی و خۆراگری پێشمەرگە کراوە بۆیە من نامەوێت دووبارە باس بکەمەوە خۆتان زیاتر دەزان کە پێشمەرگە گوزەرانی چۆنە و چۆن دەژێت، بەریزم بەرێزتان دەزان لە لایەن حکومەتی هەریمی کوردستان زەوی دابەش کرا بەسەر بەرپرسان و کارمەندان و کادیران و هتد... وە جەندین خزمەت کوزاریش کراوە بۆ خەلکی کوردستان بەتابەتی دروست کردنی (شوقە) بۆ خەلکی کەم دەرامەت وەهەروەها دابەش کردنی زەوی بۆ خەلکی کرێچی لە دەوروبەری بارێزگای هەولێر ئەمەش دڵخۆشکەر بوو بۆ خەلکی کوردستان و بەتایبەتی خەڵکە هەژارەکە جێکای ڕێز و تەقدیر و زۆر سوپاسە بۆ بەڕێزتان و حکومەتی هەرێمی کوردستان (بەلام ئەوەی جێگای داخە هیجی بەر پێشمەرگە نەکەوت ئێستا نزیکەی 500پێنج سەد پێشمەرگەی کادیر کە زۆربەیان ئەفسەرن لە سنووری بارێزگای هەولێرنیشتەجین و کرێچین کە سودمەند نەبوونە لە هیچ شتێکی ئەم حکومەتە (زەوی درا بە ناو بۆ پێشمەرگە کەچی درا بە بەرپرسەکان دوو جار و سی جاریان وەرگرت درا بەکادیران هەر ئەم کۆمەلە پێشمەرگەیە وەریان نەگرت، لە دەوروبەری هەولێر زەوی دابەش کرا گوتیان ئێوە لە ناو هەولێرن بریار ئێوە ناگریتەوە، ماوەیەك پێش ئێستا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ناوی ئەم کۆمەلە پێشمەرگەیە لای بەرێزتەو تەنها لەسەر واژووی بەڕێزت ماوە، ئەمە ماوەی چوار ساڵە ئێمە چاوەرین و تاکو ئێستا هیچ نەتیجەیەکی نیە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەر چەند هەوڵ دەدەین ناگەینە لای بەڕێزت تکایە رزگارمانکە لەم نەخۆشیە دەرونیە بریاردانت بۆ زەوی ئەم 500پێنج سەد پێشمەرگەیەی سنووری هەولێر دڵخۆشکەرە بۆ پێشمەرگەکان و خانەوادەکانیان زۆر سوباس بەهیوای هەوالێکی دڵخۆشکەرین لەلایەن بەڕێزتانەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.